# لێرە و لەوێ



## ناسنامەی ئەلکترۆنی بۆ نەهێشتنی دزینی تەلەفۆنی گەڕۆک(مۆبایل)

کۆمپانیایەکی ئیتالّی هەلّساوە بە دۆزینەوەی خزمەتگوزارییەکی نوێ بۆ نەهێشتنی دزینی مۆبایل ئەم خزمەتگوزاریەش پێیدەگوترێت(ناسنامەی ئەلکترۆنی). خاوەن مۆبایلەکان ناسنامەیەک بۆ ئامێرەکانیان کە لە(15)پیت پێک دێت تۆماردەکەن، هەرکاتێکیش ئامێرەکانیان بدزرێت، یان لێیان ون ببێت، ئەوا بە کۆمپانیایەکە رادەگەینن و هێمای ناسنامەکەیان پێ دەدەن، لەو حالّەتەدا کۆمپانیا ئامێرەکە لەکاردەیەخێت، بەلاّم ئەگەر ئامێرەکە ببردرێتە دەرەوەی ئیتالّیا ئەوا کاردەکات.
شایانی باسە بەپێی ئاماری راگەیندراو، سالاّنە لە ئیتالّیا نزیکەی ملیۆن ئامێری مۆبایل دەدزرێت.

## مۆبایل رکابەری کۆمپیوتەر دەکات لە پەیوەست بوون بە ئینتەرنێت

سوودمەندانی خزمەتگوزاری جیهانی زانیاری لە جیهان دەگاتە(75%)کە رێژەیەکی بەرزە. لەبەر ئەوە لەسەر ئاستی جیهان و عێراق و کوردستانیش، چەندان کۆمپانیا، بایەخ بە خزمەتگوزاری گەیاندن دەدەن لە رێگای مۆبایلەوە، وا چاوەروان دەکرێت بەکاربەرانی ئینتەرنێت، لەگەلّ بەکاربەرانی مۆبایل یەک بگرن، بە واتای ئەوەی بەکاربەری مۆبایل بتوانێت، لە رێگای مۆبایلەوە، ببێتە بەکاربەرێکی تەواوی ئینتەرنێت بە هەموو تایبەتمەندی و خزمەتگوزارییەکانییەوە.
یەکێک لەو کۆمپانیایانە www.into2ceII.com کە توانیویەتی ببێتە کۆمپانیایەکی بەرچاو لە دوبەی لە رێگای مۆبایلەوە خزمەتگوزارییەکان دەگەیەنێت.ئەم کۆمپانیایە مەزەندە دەکات لە رۆژهەلاّتی ناوەراستدا نزیکەی(80%)ی دانیشتووانمۆبایل بەکاردێنن، کە رێژەیەکی زۆر بەرزە، گەر بزانین رێژەی ئەوانەی تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەریان هەیە کەمترە لە رێژەیئەوانەی(مۆبایل)یانهەیە.کۆمپانیایەکەدەلّێت،خزمەتگوزارییەکانینامەیپێشکەوتووMassagingEnhanced و پەرەدان بە تەکنەلۆژیای مۆبایل، ئەوە دەگەیەنێت کەوا هێلی جیاکەرەوەی نێوان کۆمپیوتەرو مۆبایل نامێنێت.



ئێستا بەکاربەرانی مۆبایل لە سەرتاسەری جیهان لە یەک ملیار کەس زیاترە.
سەرەرای سیستەمی جینی بۆنامە(Jinny Instant Messaing)(JIM)کە (SMS)وەردەگرێت و خزمەتی(Multimedia Messaging (MMS و خزمەتگوزاریپێشکەوتووینامەکاریEnhancedMassagingService کەوا دەکات راستەوخۆ بێ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بە دەنگ و وێنە لەگەلّ یەکتر بدوێن و ببینن.
شایانی باسە سیستەمی JIM لە رێگای کۆمپانیای (Acotel)ی ئەوروپی پەرەی پێدراوە، خاوەن خزمەتگوزاری فرەجۆرە، ئەوەش هەنگاوێکە بەرەو دانانی سیستەمی تەواو بۆ کارپێکردنی ئینتەرنێت لە رێگای مۆبایلەوە سەرەڕای تەواوی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێت.

## (10%)ی بەکاربەرانی ئینتەرنێت دووچاری ساختەکاری دەبن



بەپێی راپۆرتێک کە رۆژنامەی(تەلگراف)ی بەریتانی بلاوی کردۆتەوە، پارساڵ پتر لە(10%)ی بەکاربەرانی ئینتەرنێت دووچاری کاری ساختەکاری و تەفرەدان هاتوون.هەر هەمان راپۆرت دەڵێت : ئەم رێژەیە(5/3)ملیۆن بەکاربەر دەگرێتەوە و بە تێکرایی هەریەکەی(875)جونەیهی ئیستەرلینی زیانی پێکەوتووە.

(باتان ماکفادین)کە بەرپرسێکی حکومەتی بەریتانیە رایگەیاند، سەرەرای ئەو هەموو ئاسانکاریەی لە بەکارهێنانی تۆرەکانی ئینتەرنێت کراوە، بە تایبەتی لە بواری مامەڵەی بازرگانی، ئێستا پتر لە جاران پێویست دەکات بەکاربەران ئاگاداری خۆیان بن و هەموو وردەکاری حساباتی بانکیان ئاشکرا نەکەن و ژمارەی نهێنی خۆیان بەکەس نەدەن. هەر لەمبارەیەوە ئافرەتێکی بولگاری توانیویەتی لە پێگەی(eBay)بری(350)هەزار دۆلار بەکاری ساختەکاری وەدەست بێنێت و دوای بەدوا گەرانێکی زۆر دەرکەوت لە بۆدابستی پایتەختی هنگاریا دەژیت و دەسەلاتدارانی ئەم ولاتەش دەستگیریان کردو دایانە دەسەلاتدارانی ئەمریکا. وا چاوەروانیش دەکرێت ئەم ئافرەتە بۆ ماوەی(30)ساڵ و بە سزای مادیش حوکم بدرێت .

## لە میسر(19)ملیۆن هاوبەشی مۆبایل هەیە

لە مانگی شوباتی رابردوو(13)کۆمپانیا مۆڵەتیان وەرگرت تا لەبواری تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن کاربکەن، بەمە ژمارەی کۆمپانیاکان بەرزبۆوە بۆ(2096)کۆمپانیا کە لە سەرتاسەری میسر کاردەکەن. بەپێی راپۆرتێکی وەزارەتی گەیاندنی میسری، وا چاوەروان دەکرێت تا مانگی حوزەیران ژمارەی کۆمپانیاکان بگاتە (2200)ئەمەش بۆ ئەو بارودۆخە گونجاوە دەگەرێتەوە کە وەبەرهێنان لە میسر بۆ کۆمپانیاکان رەخساندویەتی. شایانی باسە لەساڵی 1999 تەنها(226) کۆمپانیا لەم بوارەدا کاریان دەکرد.بەپێی هەمان سەرچاوە تا کۆتایی مانگی شوباتی رابردوو ژمارەی هاوبەشانی بەکاربەرانی مۆبایل گەیشتە(23/19)ملیۆن هاوبەش، بە پتربوونی(18/5)ملیۆن بە بەراورد لەگەڵ شوباتی 2006 کە ئەوسا(05/14)ملیۆن هاوبەش بوو.بەپێی راپۆرتی وەزارەتی گەیاندن، تا شوباتی رابردوو ژمارەی هاوبەشانی مۆبایل و تەلەفۆنی جێگیر گەیشتۆتە(13/30)ملیۆن هاوبەش، هەروەها لە بواری ئینتەرنێت تا هەمان ماوە ژمارەی هاوبەشان گەیشتۆتە(48/6)ملیۆن. ئەو بەرزبوونەوەیە لە ئاستی بەشداربووان بۆ کێبرکێی کۆمپانیاکانی گەیاندن دەگەرێتەوە کە هەموویان هەوڵدەدەن نرخ کەم بکەنەوە و خزمەتگوزاری زیاتر پێشکەش بە هاوبەشان بکەن.



## مۆبایلێکی تایبەت بۆ مرۆڤی نا سروشت




کۆمپانیای ئۆواسیسی(owasys)ئیسپانی جۆرە ئامێرێکی مۆبایلی تایبەت بە کەسانی ناسروشت و کەم ئەندام وەیا ئەو کەسانەی کەبێزار دەبن لەزۆری دوگمەی خزمەتگوزاری ئامێرەکان، خستە بازارەوە. ئەو ئامێرە نوێیە لەکاتی کردنەوەی ئاوازێکی وەکو تەلەفۆنی مالان لێدەدات، هەروەها دوگمەی تایبەتی هەیە بۆ پەیوەندی کردن بە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و پۆلیس و ئەمبولانس، ئەویش بە داگرتنی دوگمەکە بۆ ماوەی دووچرکە، وەلە حالەتی ئەگەر بەهەلە ئەو دوگمەیە دابگیرێت، ئەوا بە ئاسانی خاوەن ئامێر دەتوانێت کۆتایی پێبێنێت. هەروەها ئەم ئامێرە وا دروستکراوە کە دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی ژمارەی تەلەفۆن لەسەری ئەمباربکرێت . ئەمەو سەرەڕای زۆر خزمەتگوزاری تر.

## مێشک دەرگای بۆ چاندنی شانەی کۆمپیوتەری والادەکات

زاناکانی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و کۆمپیوتەر لە ژمارەیەک سەنتەرەکانی توێژینەوە سەرقالی ئەوەن کە شانەی کۆمپیوتەری لە مێشکی مرۆڤدا بچێنن. هەرچەندە ئەم لێکۆلینەوانە نوێ نین، چونکە ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی لە بواری کۆمپیوتەرو گەیاندن بەدیهاتووە وای کردووە کە هیچ شتێک ئاستەم نەبێت و قابیلی جێبەجێکردن کردن بێت، پێشتریش زاناکان چەند حالەتێکیان کردووە وەکو بەستنەوەی ئامێری کارەبایی بە دل و دەمارو پەلەکان، بەلام هێشتا زانستی زیندەوەرزانی، نەچۆتە مەیدانی دەمارو مێشک و نەمانی بەشەکانی پەیوەست بە مێشکەوە. (بیل گیتس)سەرۆکی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لە کۆبوونەوەیەکدا لە(سەنگافورە)بە دلنیاییەوە ئاشکرای کردو گوتی : لە رۆژێکی (کە دوورنیە) پێشکەوتنی زانستی رێگا بە چاندنی کۆمپیوتەر لە لەشی مرۆڤ دەدات و ئەم کۆمپیوتەرە چێندراوەش یارمەتی کۆرە بە دیتن و کەڕ بە بیستن دەدات. هەر لە درێژەی قسەکانی گوتی : فەرمانبەرێکم هەردەم هەول دەدات و سوورە لەسەر دووپاتکردنەوەی ئامادەیی خۆی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. شایانی باسە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو تاوەکو ئێستا زاناکان سەرقالی ئەنجامدانی ئەم کارەن و تاوەکو ئێستا چەند تاقیکردنەوەیەکیان سەرکەوتووانە ئەنجام داوە. بۆ نموونە زانای بەریتانی(کیفن واریک)لەسالی1998 چەند شانەیەکی لە دەستی خۆی چاند، کاتێک لە نووسینگەکەی خۆی نزیک دەبووەوە، بەهۆی شەپۆلی بێتەل دەرگای بۆ دەکرایەوە و گلۆپەکان دادەگیرسان و کۆمپیوتەرەکەی دەکەوتە کار.



# ئەم ماڵپەڕانە بناسە

www.arabslaptop.net




ویب سایتێکی عەرەبیە و تایبەتە بە کۆمپیوتەری(لاپ تۆپ).لەم ویب سایتەدا دەتوانی هەرپرسیارێکت دەربارەی کۆمپیوتەرهەبێت ئاراستەی بکەیت ووەڵامەکەیان لێوەربگریتەوە. هەروەها دەتوانی زانیاری لەسەر دوا تەکنەلۆژیای (Laptop) بەهەموو وردەکاریەکانیەوە وەربگریت. سەرەرای زۆر بابەتی بەپێزو سوودبەخش لەسەر گرفتەکانی کۆمپیوتەر و چۆنیەتی چارەسەرکردنی .

www.atslat.com




ویب سایتی(پەیوەندی نێو دەوڵەتی لە رێگای ئینتەرنێت) ئەم وێب سایتە تایبەتە بە پەیوەندیکردن بە تەلەفۆنی جێگیرو گەرۆک لە هەموو سوچێکی دونیادا بەرێگای ئینتەرنێتەوە. بە بەشداریکردن لەم وێب سایتەدا دەتوانی بە نرخێکی زۆر هەرزان پەیوەندیکردن بەدەرەوە دابین بکەیت. سەردانێکی ئەم وێب سایتە بکەو رێنمایی بەشداریکردن دەخوێنیتەوە، هەروەها لیستی نرخی قسەکردن بۆ وڵاتانی جیهان لەبەر دەستدایە.

www.al-jazirah.com.sa/digimag

گۆڤاری(گەیاندن)گۆڤارێکی حەفتانەیە و هەموو یەکشەمانێک لە دەزگای رۆژنامەی(الجزیرە)ی سعودیە دەردەچێت لەم گۆڤارەدا دوا پێشکەوتنەکانی بواری گەیاندن دەخوێنیتەوە و هەموو هەفتەیەک بابەتی جۆراوجۆر لەسەر هەواڵە زانستیەکان و تەکنەلۆژیا و بازار و ریپۆرتاژی جۆراوجۆر و بەهەرمو سۆفت وێرو هاکەرزو حکومەتی ئەلکترۆنی و ..... هتد دەخوێنیتەوە.

www.arabsgate.com

لەم ماڵپەرەدا پێرستی ژمارەیەکی زۆری ماڵپەری جۆراوجۆر دەدۆزیتەوە وەکو ماڵپەرەکانی هەواڵ، حکومەتەکان، زانستی، گەشت و گوزار و پەروەردە و فێر کردن، رۆشنبیری، کۆمەڵگا، ئابووری، تەندروستی و پزیشکی و ... هتد.
هەر لەم ماڵپەرەدا جۆرەها بابەت و پرۆگرامی پەیوەست بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و گەیاندن دەکەوێتە بەردەست.